# گەر کەموکورتیەکانی ناوخۆ چارەسەر نەکەن ،
# دڵنیابن گەر تورکیا کوردستانیش داگیر بکات خەڵکی فزەی لێوە نایەت

**ئیحسان مەلا فوئاد**
ehsanhaji-82@hotmail.com



سەیرە کە هەلاو کێشەو مەترسییەك دروست دەبێت ، کە خۆپیشاندان ومانگرتن و نارەزاییەك دروست دەبێت ، کە خەڵك و جەماوەر هاواری گرانی و برسیەتی و نەهامەتی و بێ چەندو چوونی دەکەن ، کە گەنجان کۆچی بێ ژیانی و ناوادەیی دەکەن ، کە ئافرەتان و کیژۆڵەی ئەم وڵاتە خۆیان دەسوتێنن ، کە هەزاران هەزار باس و خواست لە نێو تاکەکاندا دروست دەبێت ، کەچی دەسەڵات و حکومەتەکەی هەر باکیان پێی نییەو باس لە مەسەلەیەکی تر دەکەن کە ئەسڵن کۆمەڵگا زۆر جار لە بیری کردووە ، یان خۆدی حکومەت و دەسەڵاتدارانی خۆیان مەسەلەیەك دەوروژێنن یان بابەتێك دروست دەکەن ، بە نموونە دەکرێت باس لەوە بکەین کە خەڵکی سوتەمەنی و کارەباو زەرەیەك ماف و چیانیان نییە ، کاکی سەرۆك دێت باسی ئالاو کێشەی ئالا دەکات ، کە خەڵکی رۆژ لە دوای رۆژ ناخی خۆی دەخوات و لە ئەساسەوە دارووخاوە ، پەرلەمان دێت باسی کەرکووك و تورکیام بۆ دەکات و مەسەلە نیشتمانییەکان دێنێتە سەر باس ، کە هەموو ئەوانەش بە مەبەستی ئەوەی جەماوەرو خەڵکی وڵات پێداویستی و چێژی ژیانی بیر بچێتەوەو بیری لای ناعەدالەتی و گەندەڵییەکانیان نەمێنێت .

جا بۆیە پێتان دەڵێین بیکەن بۆ خاتری کفن و خوێنی شەهیدانی سەنگەر نەك شەری ناوخۆ کە ئەمرۆ بە ناوی ئەوانەوە هەموو شەرعییەت و مافێك دەدەن بە خۆتان ، واز لەو فرت و فێڵ و کارە دزێوانە بهێنن چونکە خەڵکی بە باشی وەك ئەوەی چۆن دەزانێت ناوی خۆی چییە لێتان تێگەشتوون و دەتاناسنەوە ، وامزانن کە کۆمەڵگەتان تووشی برسێتی و بێ کارەبایی و هەر دەردیسەرییەك کرد ئیدی بیر ناکەنەوەو ئێوەیان بیر نامێنێ ،ئێمەی میللەتی رەشوروتکراوی دەستی ئێوە دەزانین کە هەندێ یان تۆزقاڵێك ئازادی و ئازادی رادەربرینتان خولقاندووە ، بەلاّم بە داخەوە ئازادی ناخورێت کارەباو پێداویستییەکانی ژیان دابین ناکات ، ئێوەی بەرێوەبەری دەسەلاّت هەست ناکەن لە رووی فیکرو تاکتیك و بە کارهێنانی دەسەلاّتەوە دەچنەوە سەر رژێمی پێشوو ؟، رژێمی پێشوو زۆر شتی بۆ دانیشتوانەکەی دابین دەکرد هەر لە هەموو جۆرەکانی سوتەمەنییەوە تاوەکوو کارەباو سنوردانان بۆ بازارو لێپرسینەوە لە مەسئوول و گەندەڵی و جۆرێك لە یەکسانی ...هتد بۆ شایتی ئەو باسەش نموونەی خزمێکی نزیکی خۆم دەهێنمەوە کە تاوەکوو پرۆسەی ئازادی (مسوؤل الشعبة) بوو بەلاّم سوێندم بە بە خوێنی شەهیدان خاوەنی یەك پارچە عەرز نەبوو ، تەنانەت تاوەکوو 2003 لە خانووی کرێدا بوو ، سەرەرای ئەوەی دەسەلاّتێکی زۆریشی هەبوو ، ئەو رژێمە وەکوو باسم کرد زۆر شتی بۆ کۆمەڵگە دابین دەکرد لە بەرئەوەی تەنها بیر لە سیاسەت و دەسەلاّت نەکەنەوە ئیدی هەر داواو کارێکی تر ئاسایی بوو بە لایەوە .، بیرم دێ حکومەتی بەعس لە دەرەوەی عێراق شت وەکی بە پارەیەکی زۆر دەکری و دەیهێنایە عێراق و بە نیوە قیمەت دەیفرۆشتەوە بە خەڵکی .

بەلاّم ئێوەی حکومەتی کوردی هەندێ ماف و ئازادیتان دابین کردووە کەچی بە پێچەوانەوجیا لە حکوومەتی لەناوچوو هیچ یەکێك لەم پێداویستیانە (غاز – نەوت – بەنزین – کارەبا – یاسا - خزمەتگوزاری پێویست - چارەسەرکردنی ئەزمەی سەکەن - کیشەی گەنجان – ئافرەتان – پەروەردە – خۆکوشتن و خۆسوتاندن ...هتد کەموکەرتیەکان) دابین و چارەسەر نەکردووە ، چۆنیش دەروانینە ئایندە بێ ئومیدتر ئەبین چونکە تاریکی مانگ سەر لە ئێوارە دیارە .

بەرێزان دەسەلاّتداران حکومەتی کوردو کوردستانی واتێ نەگەن کە ئێمە بێ ئاگاین و لە واقیع ناروانین و تەماشای واقیع ناکەین ، بەڵێ زۆر چاك دەزانین چواردەورمان دووژمن پۆشیویەتی و رۆژێك ئێران سنوورمان لێ دادەخات ، رۆژێك تورکیا هەرەشە دەکات ،

ڕۆژێك سوريا به هەمان سێوە سنور دەدەخات و مامەڵەمان له گەڵ ناكات ، مەبەستمان لەو كێشه زەبەلاحانه نييه به شێوەی عموومی ، بەڵكوو زۆر كيشەی بچووك و لاوەكی نااوخۆيی هەيە و چارەسەری ئاسانه كەچی خۆتانی لێ بەدوور دەگرن و ناتانەوێ چارەسەری بكەن ، نازانم ئەمەيان بۆ ؟ ئادەی سەرەڕای دابەزينی دۆلار كه بازرگانەكان شتومەكی بازار دەهێنن و بەئارەزووی خۆيان نرخی له سەر دادەنێن بۆچی ئێوە بێ دەنگن ، كه سكالاَشتان لادەكەين ، ئەڵێن ئەوە بازاری ئازادە ، نەخێر بازاری بەرەڵایی و بێ خاوەنی و بێ ياساييه ،.

دەيان و هەزاران كێشەو ناكۆكی لاوەكی تر كه بەم دووسێ پەڕەيه باسی لێوە ناكرێت چونكه هێندە زۆرن پڕ به پێستی كتێبيان لێ بەرهەم دێت .

به ئومێدی دروستكردنی ئەنتيەك بۆ كوشتنی موبەڕرە لاوەكييەكانتان